# چۆن بە یاسا رووبەڕووی ئەو کەسانە ببینەوە کە مێردمنداڵان بۆ مەرامی سیاسی بەکار دەهێنن؟

**لە دوای گێرەشێوێنییەکانی ئەم دواییەی سنووری پارێزگای سلێمانی کە بە فیتی لایەنێکی سیاسی سەدان منداڵ و مێردمنداڵیان فێری ئاژاوەگێڕی و پەلاماردان و بەردبارانکردن و سووتاندنی بنکە و بارگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، چالاکانی بواری مافی منداڵان رووبەڕووی ئەم دوو پرسیارەمان دەکەنەوە: پەرلەمان چی بۆ منداڵانی کوردستان کردووە؟ یاسا چۆن رووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە مێردمنداڵان بۆ مەرامی سیاسی بەکار دەهێنن؟ ئەوەش دووپات دەکەنەوە کە کاندیدەکانی هەموو خولەکانی پەرلەمانی کوردستان لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن کۆمەڵێك بەڵێنیان بە دەنگدەرانیان داوە، بۆ ئەوەی لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا داکۆکی لە مافەکانی هاووڵاتی بکەن، منداڵانیش بەشێکی سەرەکی و گرینگی کۆمەڵگەن و تا ئێستا ئەو توێژەی گرنگەی کۆمەڵگە نەك بە تەواوی بایەخیان پێ نەدراوە، بگرە لە پەروەردە و گەشەسەندنی هزرییان کەمتەرخەمی کراوە. ئەو پرسیارەش ئاراستەی بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان کراوە کە: بۆ ئەوەی داهاتوویەکی گەشتر بۆ منداڵان دەستەبەر بکەین، دەبێت چ بکەین و پەرلەمانی کوردستان لەو بوارەدا چ رۆڵێکی هەیە؟**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرۆکی تۆڕی بەرگری لە مافی منداڵانی کوردستان، (محەممەد مەجید رواندزی) سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە پەرلەمانی کوردستان بەرامبەر بە مافەکانی منداڵان کارێکی ئەوتۆی نەکردووە، بۆیە بە نیگەرانییەوە دەڵێت «لەم خولەی پەرلەمانیش بەڵێنەکانی پەرلەمانتارەکان بەرامبەر بە منداڵانی کوردستان راست دەرنەچوو، چونکە تائێستا منداڵانی ئەم وڵاتەی ئێمە بێ یاسان و هیچ یاسایەکی تایبەت بە مافەکانی منداڵان و پارێزگاریکردنیان بوونی نییە، کە دەڵێم بوونی نییە، مانای ئەوە نییە کە یاسا ئامادەنەکراوەو پێشکەش نەکراوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ یاسایەك پێشکەشی خولی ئەو کاتەی پەرلەمانی کوردستان کراو بەڵێن درا کاری لەسەر بکەن، کە تایبەت بوو بە پاراستنی منداڵانی کوردستان و چەندین جار پەرلەمان ئاگادار کرایەوە کە کار لەسەر ئەم یاسایە بکات، هەر گوتیان بەسەرچاو، بەڵام ئەم بەسەرچاوە رۆیشت و خولی تری پەرلەمانیشی بەسەرداهات و تا ساڵی ٢٠١٢بەردەوام بوو، بۆیە سەردانی پەرلەمانی کوردستانم کرد لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیان و هاوکارانی بەڕێز کە کاردەکەن بۆ خزمەتکردنی منداڵان و پرسیاری ئەوەمان لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کرد، کە بۆچی ئەو پڕۆژە یاسایەی ساڵی ٢٠٠٥ کاری لەسەر ناکەن و هەوڵ نادەن خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکەن؟ بەڵام سەیر لەوەدا بوو، کە ئەم ئەندام پەرلەمانانەی قسەمان لەگەڵ کردن، گوتیان هیچ یاسایەکی لەم جۆرەمان نەبینیوە و لە پەرلەمان بوونی نییە، با واز لەوە بێنین، دیسان یاسایەکی دیکە ئامادە کرا لەلایەن رێکخراوی یونسێف و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و بەهاوکاری رێکخراوەکانی منداڵان و یاساناسان و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرا، پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانەوە سەدان بەڵێنیان دا کە بە زووترین کات کاربکەن بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پڕۆژەیاسایە بکرێت، بۆ ئەوەی لەپەرلەمانی کوردستان پەسند بکرێت، چونکە منداڵان زۆر پێویستیان بەم یاسایە هەیە، دوای دەیان جار سەردانیکردن بۆ پەرلەمانی کوردستان و دانیشتن لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان و فشار خستە سەریان بۆ ئەوەی ئەم یاسایە پەسندبکرێ، بەڵام بەداخەوە سەرجەم بەڵینەکان بوون بە درۆیەکی گەورە و بێ بەڵێنییەکی گەورە کە لە دوای خۆیدا بۆ ئەم خولەی پەرلەمانی جێهێشت و بووە جێگەی پرسیار، واتە بەلای پەرلەمانەوە منداڵان ئەوەندە گرنگ نین بۆیە تا ئێستا پشتگوێیان خستوون و بچووکترین کار و مافی رەوای خۆیان کە دەبێت یاسایەکی تایبەتیان هەبێت، کاریان بۆ نەکردووە». محەممەد مەجید گوتیشی: «تا ئێستا منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردی و ئەم وڵاتەی ئێمە و لای پەرلەمان و بەرپرسانی باڵای حکومەت نەبۆتە خەمێکی گرنگ، تەنیا هۆکاریشی ئەوەیە کە منداڵان ناتوانن دەنگ بدەن، بەڵام بۆ خۆپیشاندان دەیانخەنە ریزی پێشەوە، هیوادارم لە خولەکانی دیکەی پەرلەمان کاربکەن بۆ خزمەتکردن و دەستەبەرکردن و باشترکردنی رەوشی منداڵان لەم کوردستانە ئازیزەمان».

> **تا ئێستا منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردی و ئەم وڵاتەی ئێمە و لای پەرلەمان و بەرپرسانی باڵای حکومەت نەبۆتە خەمێکی گرنگ، تەنیا هۆکاریشی ئەوەیە کە منداڵان ناتوانن دەنگ بدەن، بەڵام بۆ خۆپیشاندان دەیانخەنە ریزی پێشەوە**

چالاکوان نیگار جەزا، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «پێویستە پەرلەمان کار بکات بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵ، ئەویش رێگرتن لە کارکردنی منداڵ بە شێوەیەکی یاسایی و دابینکردنی بژێوی ژیان بو ئەو منداڵانەی کە ناچارن کاربکەن، هەروەها گەڕانەوەی ئەو منداڵانەی کە دابڕاون لەخوێندن لەبەر هۆکاری نەبوونی دەرامەت و کارئاسانی بۆیان، ئاوڕدانەوە لەو منداڵانەی کە رۆژانە رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لەلایەن کەسوکاریان و دانانی یاسایەك بو سزادانی ئەوانەی توندوتیژی دەکەن بەرامبەر منداڵان، هەروەها کارکردن لەسەر ئەو منداڵانەی کە خاوەن بەهرەن و تائێستا بەهرەیان شاراوەتەوە وەك هونەر و وەرزش پێویستە لە ئەولەوییەتی کارەکانی پەرلەمان بێت».

> **بەلای پەرلەمانەوە منداڵان ئەوەندە گرنگ نین و تا ئێستا پشتگوێیان خستوون و بچووکترین مافی رەوایان مسۆگەر نەکراوە، بۆیە زۆربەیان بوونەتە منداڵی شەقام**

یاساناس حاجی عزەددین، هێما بۆ ئەوە دەکات کە پڕۆژەیاسایەك لەلایەن رێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵان لە هەرسێ پاریزگاکەی هەرێم ئامادە کرابوو، دواتر لە رێگەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی



وەزیران لە دوای کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە ئاراستەی پەرلەمان کرا، وەك پرۆژەیاسایەك بۆ ئەوەی بڕیاری لێبدرێت، پرۆژەکە سەرجەم مافە بنەڕەتییەکانی منداڵان لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتی ئەوەی لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان هاتووە و تایبەتمەندی منداڵی کوردی لەبەرچاو گرتووە، هەروەها جەختی لەسەر جێبەجێکردنی یاسای کار و یاسای نەوجوانان کردۆتەوە، بەتایبەت ئەو بڕگە و ماددانەی پێوەندی بە مافەکانی منداڵ هەیە».

بڕوا موحسین مامۆستای بنەڕەتی لە قوتابخانەی خاڵوان، بە پێویستی دەزانێت، حکومەت ڕێگری لەکارکردنی منداڵان بکات و دەرماڵەی منداڵان زیاد بکات، ئەو کەسانەی کەمدەرامەتن لەڕووی ماددییەوە یارمەتی بدرێن بو ئەوەی منداڵەکانیان بە شێوەیەکی تەندروست و ڕێکوپێك پەروەردە بکەن، پێویستە یاسای نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە منداڵان جێبەجێ بکەن، ئەو نەوجەوانانەی کە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵییە ڕێگە نەدرێ هاوسەرگیری بکەن، چونکە کێشەی سەرەکی گەنجەکانە و لەئێستادا واخەریکە دەبێتە دیاردە، هەروەها پێویستە هەوڵبدرێت دەوامی قوتابخانەکان زیاد بکرێت و سەرجەم پێداویستییەکانی خوێندن دابین بکرێت، بێ هیچ کەموکورییەك بەخواردنیشەوە، هەوڵبدرێت وانەکانیان زیاتر بەشێوەی پراکتیکی بێت و بیمەی تەندروستی بۆ منداڵ دابینبکرێت، هەروەها دەکرێ منداڵ سندوقێکی پاشەکەوتکردنی بۆ دروست بکرێت و حکومەت مانگانە پارەی بۆ دابنێت، بۆ ئەوەی کە گەیشتە تەمەنی ١٨ ساڵی بتوانێ سوود لەو بڕە پارەیە وەربگرێت. پێش ئەوانەش پێویستە ئەو بڕیار و یاسایانەی تایبەتن بە ژیانی منداڵ پێویستە خودی منداڵی لێ هۆشیار بکرێتەوە، ئەگەر هاتوو خێزانێك منداڵەکەی بەجوانی پێ بەخێو نەکرا، پێویستە حکومەت ئەو منداڵەی لێ بسێنێتەوە خۆی بەخێوی بکات، نەك خەڵکێك بۆ مەرامی تایبەت بەکاریان بێنن.»

لە کۆتاییدا ماوە بگوترێ: بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بەشداریکردنی منداڵان لە گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکاندا، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە یاداشتێکی ئاراستەی لایەنە پێوەندیدارەکان کرد.

ڕۆژی ١٩/١٠/٢٠١٥، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان، بەسەرپەرشتیی گەشە دارا سەرۆکی لیژنە و ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنە و ئەندامانی و ڕاوێژکاری لیژنەکە کۆبۆوە. لە تەوەری یەکەمی کۆبونەوەکەدا، بڕگە و مادده گشتییەکانی پرۆژە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی تاوتوێ کراو بڕیاریشە دواکۆبوونەوە بۆ پێداچوونەوەی کۆتایی بە پرۆژەکە لەلایەن لیژنەکەوە بکرێت. تەوەری دووەمی کۆبونەوەکەش بریتی بوو لە تاوتوێکردنی یاداشتێك سەبارەت بە ڕێگریکردن لەو منداڵانەی کە بەشداری لە گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکان دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا، بەو پێیەی کە دەبێ ڕەچاوی یاسا و ڕێسا و پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی منداڵ بکرێت بەوەی کە بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا نەکەن.



هەرچەندە لە کوردستاندا بانگەشەی پاراستنی مافەکانی ئافرەت بە یاسا دەکرێت، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆش ئافرەتان مەزلوومترین توێژی کۆمەڵگەن و بە ئاشکرا مافەکانیان پێشێل دەکرێت

راستە یاسای توندوتیژی و بەڕێوەبەرایەتی و دەزگای تایبەت بە بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانمان هەیە، بەڵام بەداخەوە یاساکان وەک خۆیان جێبەجێ ناکرێن

هەتا ژنکوژان بتوانن بە ئاسانی لە دەستی سزای یاسایی خۆیان دەرباز بکەن، رێژەی تاوانەکانی کوشتنی ژنان کەم ناکرێتەوە



## بەرزبوونەوەی ڕێژەی کوشتنی ئافرەتان

# زەنگێکی مەترسیدارە کوشتنی ئافرەتان لە شەش مانگدا بە ڕێژەی ٥٤٪ زیادی کردووە

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ ٣١ ئافرەت بە بیانووی جۆراوجۆر کوژراون، لە کاتێکدا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو ١٧ ئافرەت کوژرابوون. بە بەراوردکردنی ئەم دوو ئامارە دەردەکەوێت ئەمساڵ کوشتنی ئافرەتان ٥٤٪ زیادی کردووە. لە کوشتنی ئافرەتاندا زۆربەی حاڵەتەکانیش لە هەولێر بوون، بە جۆرێك شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لەو پارێزگایە ٩ ئافرەت کوژرابوون، بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ژمارەکە بۆ ١٢ ئافرەت زیادی کردووە.جگە لە سۆران کە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ و پارساڵ یەك حاڵەتی کوشتنی تێدا تۆمار کراوە، لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کوشتنی ئافرەتان زیادی کردووە. بۆیە دەکرێ بڵێین: سەرەڕای هەبوونی دەیان یاسای گشتگیر لە بەرژەوەندی مافەکانی ئافرەت و گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو و بەرنامەی تۆکمە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی، کەچی ڕۆژانە گوێبیستی کوشتنی ئافرەت بەدەستی باوك و برا و هاوسەر و تەنانەت خزم و کەسوکاری دەبین و توندوتیژیی دژی ئافرەتان نەك بنەبڕ نەبووە، بگرە بە شێنەیی ڕووی لە هەڵکشان کردووە. ئەو تاواناکارییانەش ئەرکی حکومەت و میدیاکان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ قورستر دەکات و چالاکانی بواری ئافرەتانیش بە پێویستی دەزانن، ڕێکاری زۆر جددیتر و خێراتر بۆ نەهێشتنی ژنکوژی لە ژێر هەر پاساوێکدا بدۆزرێتەوە. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان را و سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

«لە هەولێر ژنێکی تەمەن ٤٦ ساڵ کە دایکی هەشت منداڵە، بە بیانووی پاراستنی ناموس بە گوللەیەك دەکوژرێت و تەرمەکەی لە چۆڵەوانییەك فڕێدەدرێ. بەپێی زانیارییەکان ئەو ئافرەتە ٣٢ ساڵ لەمەوبەر شووی بە پیاوێك کردووە و لەکاتی کوشتنەکەیدا دایکی هەشت منداڵی ئەو پیاوە بووە، بەڵام دوای زەمەنێکی دوور و درێژی ژیانی هاوبەشیان، بەو دواییە کێشە کەوتووەتە نێوانیان و ژنەکە بەناچاری هاوسەر و منداڵەکانی بەجێهێشتووە و باوکی منداڵەکانیش ژنێکی دیکەی هێناوەتەوە و کەسوکاری ژنەکە لەسەر ئەو زیزبوونە زۆر لە کچەیان تووڕە بوون، هەر بۆیە کوشتوویانە».

هەر لە چەند رۆژی رابردووش لە ناو پارکی دایك شاری سلێمانی بە رۆژی رووناك ئافرەتێکی دیکە کوژرا و لەوانەیە تاوانی دیکەی لەو جۆرەش روویدابێت کە تا ئێستا لە لای میدیاکان و پۆلیسیش ئاشکرا نەبووبێت. ئەنجامدانی تاوانی لەو جۆرانە و ئەو ژنکوژییانە لە ژێر هەر پاساو و بیانوویەك بێت، ناشەرعی و نایاساییین، بۆیە پیاوانی ئایینی و چالاکانی بواری مافی ئافرەت بە هەموو شێوەیەك ئیدانە و پرۆتستۆی دەکەن.

دڵخواز عەلی ئافرەتێکی چالاکی کۆمەڵی مەدەنییەو سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئافرەت خودانی هێزێکی رۆحی و جەستەییە، پیاو تەنیا لە کاتی تووڕەبوون و دڵنەوایی دەتوانێت هەستی پێبکات، هەرچەندە لە کوردستاندا بانگەشەی پاراستنی مافەکانی ئافرەت بە یاسا دەکرێت، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆش ئافرەتان مەزلومترین توێژی کۆمەڵگەن و بە ئاشکرا مافەکانیان پێشێل دەکرێت». گوتیشی: «لەکاتی بەدواداچوونی کێشەکان بەشێك لە کەیسەکانی ژنان ون دەبن و نامێنن، ئەوەش بووەتە هۆی نەمانی متمانەی خودی ژنان بەو دەزگایانە و هاوکات هۆکارێکیشە بووە بۆ دەربازبوون لە سزا یاساییەکان و ئەو کەسانەی توندوتیژییان ئەنجامداوە، بە ئاسانی رزگاریان دەبێت. واتە راستە یاسای توندوتیژی و بەڕێوەبەرایەتی و دەزگای تایبەت بە بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانمان هەیە، بەڵام بەداخەوە یاساکان وەك خۆی جێبەجێ ناکرێن، بۆیە لە سایەی یاسایەکی ئیفلیجکراودا ژنانی کورد بە دڕندانەترین شێوە گیانیان لێ دەسەندرێت، کە دیارترینیان کوشتنی دونیای تەمەن ١٥ساڵان بووە، لەلایەن هاوسەرە تەمەن ٤٥ ساڵەکەیەوە، نموونەیەکی دیکەی کوشتنیش کە شێوازێکی نامرۆڤانەی تێدا بەکارهاتووە، سەربڕینی کچێك بووە بە ناوی کوێستان لەلایەن گەنجێکەوە.»

دڵخواز عەلی لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە هەتا ژنکوژان بتوانن بە ئاسانی لە دەستی سزای یاسایی خۆیان دەرباز بکەن، رێژەی تاوانەکانی کوشتنی ژنان کەم ناکرێتەوە، گوتیشی: «وەك چالاکێکی داکۆکیکار لە مافە زەوتکراوەکانی ئافرەتان داواکارم کەیسی کوشتنی هیچ ئافرەتێکە ون نەکرێت و بکوژەکانیش راپێچی بەردەم دادگە بکرێن بۆ ئەوەی توندترین سزای تاوانەکەیان وەربگرن.»

عزەدین عەبدوڵڵا یاسین راوێژکاری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «کوشتنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەشێوەیەك سەری هەڵداوە کە بۆتە جێگەی سەرنجی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەناوخۆ و دەرەوە، لە حاڵێکدا کوشتنی ئافرەت تاوانێکی زۆر نامۆیە بە دابونەریت و کەلتووری کوردستان، چونکە ئافرەتانان هەمیشە پێگەی تایبەتی خۆیان هەبووە لەناو خێزان و لە سەرپەرشتی و رێکخستنی خێزان پاڵپشت و هاوکاری هاوسەر و باوکانیان بوون، کوشتنی ئافرەتان کەلتووری هاوردەیە و هی خێڵە توندڕەوەکانی ناوچەکەیە کە لەلایەن کەسوکاریانەوە بە بیانووی ئابڕووپارێزی خێزان و هۆزەکەیان بە مەبەست ئەنجام دەدرێت. بەداخەوە لە کوردستانیش تاوانی لەو جۆرە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێت.» گوتیشی: «کوشتنی ئافرەت بە هەر بیانوویەك لە رووی یاساییەوە بە کردەوەیەکی بەئەنقەست دادەنرێت و سزای توندی بۆ دیاری کراوە، بەڵام بەداخەوە زۆرجار کەسێك، یان پیاوانی خێزانی ئافرەتێك، یاخود خزمە نزیکەکانی رێکدەکەن لەسەر ئەنجامدانی ئەو تاوانە و بەرنامەڕێژی بۆ دەکەن».

عزەدین عەبدوڵڵا جەخت لەوە کردەوە کە «لە هەرێمی کوردستان یاساکانی پەیوەندیدار بە کوشتن و بەتایبەتی کوشتنی ئافرەتان هەموار کراوەتەوە، بە شێوەیەك ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە جگە لە سزای توند، لە لێبووردنی گشتی و سووککردنی سزاکانیشیان بێبەشکراون».

ئەو راوێژکارە یاساییەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ئاماژە بە چەند یاسایەك دەکات کە لە بەرامبەر کوشتنی ئافرەتان هەمواركراونەتەوە، لەوانە:

١- یاسایی ژمارە (١٤) ساڵی (٢٠٠٢)
٢- یاسای ژمارە (٤٣) ی ساڵی (٢٠٠٤)
٣- یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٧)
٤- لە یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٢) جگە لەو یاسایانەی لای سەرەوە لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩) ی هەمواركراو سزا دیاری کراوە بۆ تاوانەکانی کوشتن بە گوێرەی بارودۆخی ئەنجامدانی تاوانەکە. لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە بە مەبەست ئەنجام دەدرێت، بۆیە بە کوشتنی بە ئەنقەست دادەنرێت. تاوانی کوشتن جگە لە یاسا دانراوەکان، لە یاسا ئاسمانییەکانیشدا بە هیچ شێوەیەك رێگەی پێ نەدراوە، بەتایبەتیش کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی ئابڕووپارێزی، یاخود هەر بیانوویەکی دی.

لە لای خۆیەوە د.بەشیر خەلیل حەداد، کەسایەتی ئەکادیمی و وتاربێژی هەینی، وەك مامۆستایەکی ئایینی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کوشتنی عەمدی حیسابی قاتڵی بۆ دەکرێت و بەپێی یاسا پێویستە وەکو قاتڵێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەپێی یاسای پەرلەمانیش هەتا ئەگەر لەسەر شەرەف و ناموسیش کوشتبێتی، ئەوە هیچ دادی نادات و دەبێت وەکو قاتڵ حیسابی لەگەڵ بکرێت. بەڵام ئەگەر بە عەمدی نەبێت و بۆ نموونە لەدەست دەرچوونی گوللە بێت، پێی دەگوترێت: کوشتنی ناقەست و هەڵە، کە لە یاسا و شەریعەتیشدا سزاکەی سووکترە، بەڵام بەو مەرجەی لە لێکۆڵینەوە دەربکەوێت کە راست

**داواکارم کەیسی کوشتنی هیچ ئافرەتێکە ون نەکرێت و بکوژەکانیش راپێچی بەردەم دادگە بکرێن بۆ ئەوەی توندترین سزای تاوانەکەیان وەربگرن**

**کوشتنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەشێوەیەك سەری هەڵداوە کە بۆتە جێگەی سەرنجی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەناوخۆ و دەرەوە**

**کوشتنی ئافرەتان کەلتووری هاوردەیە و هی خێڵە توندڕەوەکانی ناوچەکەیە کە لەلایەن کەسوکاریانەوە بە بیانووی ئابڕووپارێزی خێزان و هۆزەکەیان بە مەبەست ئەنجام دەدرێت**

دەکات». گوتیشی: «پێویستە بەهیچ شێوەیەك ئەوانە سزایان بۆ سووك نەکرێت کە بە ئەنقەست ئافرەت دەکوژن، چونکە قاتڵن و دەبێت حەقی ئەو ئافرەتانەیان لێوەربگیرێتەوە».

ڕۆژنامەنووس خەلیل پالانی، لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە بوارە جیاجیاکاندا، دەرفەتی باشتر بۆ ئافرەتان رەخساوە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەوانیش لەپاڵ رەگەزی بەرامبەردا مومارەسەی تواناکانیان بکەن و ئەو مافەی بۆ رەگەزی پیاو هەیە، ئافرەتیش هەنگاوی بۆ بنێت، هەروەها گوتی: «بەپێی هەموو پێوەر و دەقە ئایینی و یاساییەکانیش هەردوو رەگەزی پیاو و ئافرەت ئەگەرچی لەئەرکدا جیاوازن، بەڵام لە ماف یەکسانن، لە کاتێکدا بەداخەوە دیاردەی کوشتنی ژنان تا ئێستا لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ماوە و ئەوەش وابەستەی ئەو بیرو هزرە پیاوسالارییە قەتیسماوەی دابونەریتە کە هەمیشە ئافرەت بە شەرەفی پیاو دەزانێت و هەموو مافێك بەپیاو دەدات، تاوەکو بە بیانووی پاراستنی شەرەف هەستێت بە ئازاردان و کوشتنی ئافرەت، خۆ ئەگەر خیانەت پێچەوانە بوو، ئەوا هیچ مافێك بە ژن نادرێت لێپێچینەوەش لەوبارەیەوە لەگەڵ پیاو بکات، بەڵکو لەلایەن خەڵك و خێزانەکانیشەوە هەندێ جار شانازی پێوە دەکرێ. بەحوکمی ئەوەی بەشی زانستەکانی قورئانم خوێندووە، تەئکید لەوە دەکەمەوە کە لەهیچ دەقێکی قورئانی پیرۆزدا جیاوازی نەکراوە لەنێوان پیاوی بەدڕەوشت و زیناکار لەگەڵ ئافرەتی زیناکار، بەڵکو بۆ هەردووکیان یەك سزا بەیەکسانی دانراوە، کە ئەمیش دەبێ لەلایەن حاکمی وڵاتەوە پەیڕەو بکرێ، خۆ ئەگەر خیانەت لەنێو هاوسەرانیش دروست بوو، ئەوا دیسان دەبێت کێشەکە لە رێگەی حاکمی وڵاتەوە یەکلایی بکرێتەوەو هەروەك لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ کراوە، چونکە ئەگەر وا نەبێت، ئەوا دونیا دەبێتە باخچەی ئاژەڵان و خەڵکی بەهێز خەڵکی بێهێز لەناو دەبات و زۆرێکیش لە پیاوان بۆ ئەوەی بتوانن بەهانە بهێننەوە، تۆمەت بۆ هاوسەریان دروست دەکەن و بەم شێوەیەش دەتوانن ئەوەی لەدەستیان بێت بیکەن.»

ئەو رۆژنامەنووسە رایوایە: «لەناو خێزاندا نە ئافرەت شەرەفی مێردەکەیەتی و نەمێردەکەیشی شەرەفی ئافرەتەکەیە، هەر یەکەو خاوەن شەرەف و کەرامەتی خۆیەتی، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە پیاوێك ناچاربێت لەگەڵ ئافرەتێکی خیانەتکار ژیان بگوزەرێنێ و گوێی پێنەدا، یانیش ئافرەتێك لەگەڵ مێردێکی خیانەتکاری داوێنپیس ژیان بەسەر ببات، بەڵکو جیابوونەوە لەو کاتانە باشترین رێگەچارەیە، پالانی جەختیش لەوە دەکاتەوە: هەموو ئەو کێشانەی لەنێوان هاوسەرەکان دروست دەبن، هەندێ جار بەلاڕێدا چوونی یەکێکیانی لێ دەکەوێتەوە، هۆکارگەلی زۆریشی هەیە، بۆیە پێویستە دەزگایەکی چالاکی کۆمەڵایەتی لەو بارەیەوە دروست بکرێت، بۆ ئەوەی لەو هۆکارانە بکۆڵێتەوە و رێگەچارەی گونجاو بدۆزێتەوە، تاوەکوو هەم لە رووی هۆشیارییەوە، هەم لە رووی یاساوە بتواندرێ بە یەکجاری، رێگە لە بەردەم دووبارەبوونەوەی دیاردەی کوشتنی ئافرەت بەهۆی پاککردنەوەی شەرەف بگیرێت، کە بێگومان لەو بارەیەوە بۆشایی زۆر هەیە، رەنگە رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان نەك هەر ئەو بۆشاییەیان پڕنەکردۆتەوە، بەڵکو زۆرجار بوونەتە هۆکار بۆ گەورەترکردنی کێشەکان. بێگومان بەشێك لە راگەیاندنەکانیش هۆکاری سەرەکین لە دروستکردنی کێشەکان بە پەخشکردنی هەندێ زنجیرەی دۆبلاژکراو کە نە لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگەی کوردی دەگونجێ، نە دەتوانرێ ئەو بازدانە گەورانە بهاوێژرێ. کاتێك ئافرەتێك بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو زنجیرە فیلمە بیانییانە کە دوورن لە نەریتی کوردەواری، لەوە ناپێچێتەوە کە لە نەریتەکە لایداوە، بۆیە دوچاری مەترسی بۆ سەر ژیانی دەبێتەوە. ترسیش هەمیشە وادەکات کە هاوسەران لەگەڵ یەکتر راستگۆ نەبن و هەریەکەو کۆمەڵێك شتی شاراوەی کەڵەکەبوو لەناخی خۆی و ژیانیدا بهێڵێتەوە و دواتر نەتوانێ لێی دەرباز ببێ و بە بێ بەرگری تەسلیم بە واقعێك دەبێ کە دواتر باجەکەی بە لەدەستدانی ژیانی، یاخود لێکترازانی هاوسەری کۆتایی بێت.»

هەر سەبارەت بەم پرسە مافناس و یاریدەری دادوەری شۆڕش حەسەن، دەڵێت: «کوشتنی ئافرەت لە سەر شەرەف نەریتێکی کۆمەڵایەتیی بیانییە و زیاتر لە ناو کۆمەڵگە عەرببییەکان ئەم دیاردەیە بوونی هەبووە و پێی وتراوە:(غسل العار)، بنچینەی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بۆ کەلتوورێکی کۆن دەگەڕێتەوە کە دواتر ئایینی ئیسلام قەدەغەی کردو ئەحکامی دیکەی بۆ ئەم بابەتە دانا، بەڵام بەداخەوە لە زۆربەی کۆمەڵگەکان هێشتا تا رادەیەکی زۆر ئەم دیاردەیە هەرماوە، بەتایبەتی لە نێو گوند و شارەدێکان کە ئاستی کرانەوەیان کەمترە بووە.»

شۆڕش حەسەن لە درێژی ئاخافتنەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە «زۆریك لە یاساکانی سزادان لە وڵاتانی عەرەبی بە عێراقیشەوە حوکمی ئەو کەسەی یەکێك لە مەحارمی خوی (خوشك، دایك، هاوسەر و کچ و...) ئەگەر هاتوو لەکاتی ئەنجامدانی زینا بینی و پەنای بردە کوشتنی، ئەوە سزاکەی سووکتر دەبیت لە سزای کوشتنی بە ئەنقەست، وەك لە مادەی ٤٠٩ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩ هاتووە، ئەم مادده قانوونییانەش باس لە حاڵەتی لەدەستدانی عەقڵ و هۆشی مرۆڤ دەکەن، کاتێك تووشی تاسان دەبێت بە بینینی ئەو حاڵەتە، ئەگینا بۆ حاڵەتی دیکە کە ئەم دۆخە دەروونییەی تێدا نییە، دیسانەوەی رێگەی نەداوە بەم جۆرە تاوانانە و دەچێتە خانەی کوشتنی بەئەنقەست و بەپێی ماددەی ٤٠٥ی یاسای سزدانی عێراقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئەو ماددەیە لە هەرێم راگیراوە و کاری پێناکرێت، بەپێی ماددەی ١ی یاسای ژمارەی ٣ ساڵی ٢٠١٥ کە دەڵێت» کارکردن بە حوکمی ماددەی ٤٠٩ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی سالی ١٩٦٩ هەموارکراو رادەگیرێت».

ئەو یاساناسە رایوایە «پێویستە کاری جددی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاك لە رووی مافی مرۆڤەوە بکرێ، بۆ ئەوەی ئەم نەریتە بە تەواوی کۆتایی بێت.» گوتیشی: «جگە لە حکومەت میدیاکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، مامۆستایانی ئایینیش دەبێت رۆڵی خۆیان ببینن و بیسەلمێنن کە نەریتی کوشتنی ئافرەت لەگەڵ حوکمەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام تەواو پێچەوانەیە.»

**لە هەرێمی کوردستان یاساکانی پێوەندیدار بە کوشتن و بەتایبەتی کوشتنی ئافرەتان هەموار کراوەتەوە، بە شێوەیەک ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە جگە لە سزای توند، لە لێبوردنی گشتی و سووککردنی سزاکانشیان بێبەشکراون**

**پێویستە بەهیچ شێوەیەک ئەوانە سزایان بۆ سووک نەکرێت کە بە ئەنقەست ئافرەت دەکوژن، چونکە قاتڵن و دەبێت حەقی ئەو ئافرەتانەیان لێوەربگیرێتەوە**

**لە هیچ دەقێکی قورئانی پیرۆزدا جیاوازی نەکراوە لەنێوان پیاوی بەدڕەوشت و زیناکار لەگەڵ ئافرەتی زیناکار، بەڵکو بۆ هەردووکیان یەک سزا بەیەکسانی دانراوە، کە ئەمیش دەبێ لەلایەن حاکمی وڵاتەوە پەیڕەو بکرێ**